# پەشێو لە ڕوانگەی: کەسایەتی، هەڵوێست و شاعیرییەوە...

(2ـ1)

سەعدوڵڵا نووری

هەر لەو ڕۆژەی زەوی بووە یەکەم جێژووانی ئەڤینداری و یەکەم پشکە خوێنیشی تێدا ڕژا، ململانێیەکی بێ بڕانەوە هێلانەی دڵەڕاوکێ و گومانی لە دڵ و بیری بوونەوەرێکدا "بە ناوی مرۆڤ" دروست کرد، ئەو بوونەوەرە دوودڵی لەوەدا بوو ئاخۆ بۆی هەیە دەسکاری ئەوچارەنووسە بکا کە بۆی دانراوە، گومانیشی لەو یەقینە بوو بتوانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان تای تەرازووی کێشمەکێشەکە بە لای بەرژەوەندی مرۆڤایەتییەکەیدا بدا!

لەمە زیاتر نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانی ئەم بابەتەوە چونکە ئەمە بابەتێکە و مرۆڤ بە درێژایی مێژوو کەم یا زۆر گەیشتۆتە چارەسەرێکی نیسبی. هەر وەك دەزانین گەلی کورد مێژوویەکی زیاتر لە دوو هەزاروحەوت سەد ساڵەی هەیە و لە سەرەتای ئەو مێژووەوە کۆمەڵگایەکی شارستانی و دەسەڵاتێکی حکوومەتی گەورەی بە دەستەوە بووە، کەچی هەر لە دوای لە بەین چوونی ئیمپراتۆرییەتی مادەکانەوە تا بە ئێستاکە دەگا، ئەم نەتەوە ستەمدیدە و نەسرەوتە جگە لە چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی و تەمەنکورت، دوژمنان و ناحەزانی نێوخۆ و دەرەوە لێ نەگەڕاون حوکمڕانییەکی سەرتاسەری و سەقامگیر بەڕێوە ببا، هەڵبەتە زۆر هۆکار و بەربەست هەبوونە و هەیە بۆ نەگەیشتنە دەسەڵات و کیانێکی کوردی سەربەخۆ لەوانە: سەرکوت کردنی بەردەوام، چەوسانەوەی نەتەوایەتی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و... دووبەرەکی و دابەش کردنی کوردستان بە سەر دەوڵەتانی ناوچەدا و...

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گەلی کورد بەگشتی توانیویەتی خۆڕاگری و مانەوە لە خۆی نیشان بدا بەتایبەتی لە بواری کەلتوور و زمان و فەرهەنگەوە، هەروەها نەتوانەوە و نەچوونە ناو بۆتەی فەرهەنگی میللەتانی دەوروبەر یەکێکە لە شانازییە پڕبایەخەکانی گەلی کورد، بەپێچەوانەی هەندێ گەلانی دنیا کە لە نێو فەرهەنگ و زمانی تردا تواونەتەوە. کە وا بوو بۆمان هەیە پرسیارێك لە خۆمان بکەین و بڵێین: نهێنی مانەوەی کەلتوور و زمانی کوردی چیە؟ لە بەرامبەر ئەو هەموو شاڵاوی سڕینەوە و داسەپاندنی بیرۆکەی فاشیزمانەی بە عەرەب کردن و بەتورککردن و بە فارس کردنەدا؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم بارەوە، جێگای خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانی نەتەوەکەمان، بکەین لەو هەموو خزمەت و گیانی لەخۆبردوویی ئەو مرۆڤانە کە لە پێناو کەلەپوور و ئەدەبیاتی کورددا بوویانە و بەبێ لەبەرچاو گرتنی ماندوو بوون و چاوەڕێ کردنی هیچ پاداشتێك درێژەمان بە کارەکانی خۆیان داوە و بوێرانە قۆڵی خەمخۆری و پەرۆشییان بۆ کەلتووری نەتەوە لێ هەڵماڵیوە، تا ئەو ڕۆژەش سەریان لە بەردی ئەلحەد کەوتووە و دەکەوێ قەڵەم و بیر و ئەندێشەیان لە بەرژەوەندی گەلەکەیاندا بە کاربردووە و دەهێنن، بۆیە ئەمڕۆ لە سەر هەریەك لە ئێمە کە خۆی بە ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو دەزانێ پێویستە بیرمەند و کەسانێکی خزمەتیان بە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردووە و دەکەن ڕێزیان لێبگرن و بە نەوەی داهاتوویان بناسێنین و لە بەرهەم و بڵاوکراوەکانیان بکۆڵینەوە. بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە وا ئەو مرۆڤانەی ژیانی تایبەتی و گشتی خۆیان قوربانی ئاوات و مەبەستە پیرۆزەکانی نیشتمان و مرۆڤایەتی دەکەن وەك دڵۆپێ

لە دەریا بێ وایە، زۆرن ئەوانەی ئیددعای ئینسانی یا دڵسۆزی و دڵسووتاوی بۆ نەتەوەکەیان دەکەن بەڵام لە بوار و زەمینەی کرداریدا وەك ئەستێرەکانی بەرەبەری بەیانی هێواش هێواش لەبەر چاوان ون دەبن و وجوودێکیان نامێنێ. لێرەوە دەمەوێ باس لە مرۆڤێك بکەم کە هەست و بیر کردنەوەی، هەوڵ و تەقەللا و کارەکانی لە بەرژەوەندی گەلەکەیدایە. بە نووسین و بە کردەوە خەمخۆری و پەرۆشی بۆ میللەت و وڵاتەکەی سەلماندووە، ئەم مرۆڤە لێهاتووەش مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیرە. پەشێو ساڵی **1946** لە بنەماڵەیەکی ئایینی، و لە گوندی "بێرکۆت"ی نزیك شاری هەولێر لە دایك بووە (ئەو گوندە ئێستا بووەتە بەشێك لە شاری هەولێر) باوکی مەلای گوندەکە بووە، بەڵام بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە هەر زوو ماڵئاوایی لە دنیا دەکا، پەشێو دەڵێ: "مامەکانم هانیاندام بچمە بەر خوێندن، یەکەم جار چوومە قوتابخانەی "خالیدیە بە عەرەبی دەمخوێند" دوابەدوای ئەوە خوێندنی ناوەندی و دواناندی هەر لە هەولێی تەواو دەکا و ماوەیەك لە گوندی "کەندال"ی دەشتی هەولێر دەبێ بە مامۆستا، ساڵی **1961** بۆ یەکەم جار دەست دەکا بە شێعر نووسین و یەکەم شێعری لە هەفتەنامەی "هەولێر"دا بڵاو دەکاتەوە.

ساڵی **1963** پەیوەندی دەکا بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە نێوەڕاستی شەستەکان بەولاوە دەبێتە بەرپرسی قوتابیان و کادیرێکی پێشکەوتووی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەر لەو ساڵانەدا دەست دەکا بە بڵاو کردنەوەی شێعرەکانی و لە ڕۆژنامەی "الاخبار ـ دەنگوباس" شێعر بڵاو دەکاتەوە ئەم ڕۆژنامەیە ئەودەم هەفتانە لاپەڕەیەکی بۆ کوردی تەرخان کردبوو.

ساڵی **1967** بۆ یەکەم جار لە بەغدا ئاشنایەتی لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیر پەیدا دەکا، و کە هەر ئەو کاتەش "بتی شکاو"ی بە چاپ گەیاندبوو، هەر لەو ساڵەدا بە یەکجاری واز لە حیزبایەتی دێنێت و بڕیار دەدا خزمەتی بیری "سەربەخۆیی خوازی" بکا. لە پرسیارێکدا کە لێیان کردووە، ئاخۆ ئەوانەی کە ئەو سەردەمە ئازاریان دەدا کێ بوون؟ ئەویش لە وڵامدا دەڵێ: (ئەوانەی پیاوی حکوومەتی مەرکەزی بوون دیارە خۆشیان نەدەویستم و وەك چەپەکانی ئەوسا بە نەتەوەپەرستێکی بیرتەسکی شۆڤینیان دادەنام، لەم لاش لە حیزبەکەی خۆم کشابوومەوە و هەڤاڵانی دوێنێ لێم زویر بوون، لاکەی تر کوردایەتیش لەبەر هەڵوێستی جارانم هێشتا دۆستایەتیان نەدەکردم، وەك نێرکەکاردی لەو ناوە هەڵتۆقیبووم! هەر یەکە و شتێکی لێم دەویست".

پەشێو لەو هەلومەرجە سایکۆلۆژییە دژوارەیدا تەنیا ڕێگایەك کە لەبەردەمیدا مابۆوە ڕوو کردنە هەندەران بوو:

***دەریان کردم***
***چونکە شێعرم، وەکوو مناڵێکی چەتوون***
***پلووکە بەردی هاویشتە***
***ماڵی شووشەبەندی گەوران!***
***دەریان کردم***
***چوونکە شێعرم لە ڕووی گەنجینەی دزراوا***
***گلۆپێکی دە هەزار ڤۆڵتی داگیرسان!***

بۆیە ساڵی **1973** بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن و خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دەچێتە یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، لەوێ لە دانیشگای مۆرس، کۆلێژی وەرگێڕان بەشی زمانی ئینگلیزی و ڕووسی تەواو دەکا، پاشان دوکتۆرا لە سەر ئەدەبیات وەردەگرێ. شایانی باس کردنە تێزی دوکتۆراکەی لە سەر شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد بووە.

پەشێو جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و ئالمانی زۆر باش دەزانێ و وەرگێڕدراوەکانی لە سەر پووشکین و ویتمەن بەڵگەی لێهاتوویی و بەتوانایی پەشێو نیشان دەدا لە وەرگێڕاندا. هەر ئەو کاتەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەبێ کۆمەڵە شێعری "شەو نیە خەوتنان پێوە نەبینم" لە ڕێی کاك محەممەدی مەلاکەریم ساڵی **1980** لە بەغدا چاپ و بڵاو دەکاتەوە پێش ئەم کۆمەڵە شێعرە، کۆمەڵە شێعرەکانی: "شەو نیە لێتان تووڕە نەبم"، "شەونامەی شاعیرێکی تینوو"، "دوانزە وانە بۆ منداڵان" بڵاو دەکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییشدا لە هەندەران و لە کوردستان کۆمەڵە شێعری "برووسکە چاندن" و "بەرەو زەردەپەڕ" چاپ و بڵاو دەکاتەوە، هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا نامەی دوکتۆراکەی پەشێو لە سەر پیرەمێرد بوو لەم بارەوە دەڵێ:"لە هەر کونجێکی کوردستانی گەورە بزاڤێکی ڕزگاریخوازی یا کارەساتێکی زل ڕووی دابێ، لە بەرهەمەکانی پیرەمێرددا ڕەنگی داوەتەوە، بەرز هەڵسەنگاندنی بزاڤەکەی شێخ سەعیدی پیران کاریگەری زۆری لە سەر پیرەمێرد هەبووە و جوانترین شێعرەکانی خۆی بۆ شکستی بزاڤی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان گوتووە. هەندێ زانای ئازەربایجانی هەبوون لە بەشی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی، ئەوانە زۆر لەگەڵ ئەوەدا بوون کە کەمالیزم بزاڤێکی پێشکەوتووخوازانە بوو، چونکە یاخی بوون بوو دژی سیستمی فیۆداڵی، هەر بەو پێیەش هەر شتێ لە دژی ئاتاترك با، سۆڤییەتییەکان بە شتێکی خراپیان دادەنا یا بە بزاڤێکی سەر بە ئیمپریالیزمیان دادەنا لەوانەش بزاڤی شێخ سەعیدی نەمر، ماوەی **6** مانگ دوا کەوتم بەڵام هەندێ کەس یارمەتییان دام و لەسەرم وە دەنگ هاتن بەتایبەتیش زانای گەورە قەناتی کوردۆ و هیممەتی مێژوونووسانی وەك لازاریف و حەسرەتیان هاتن و بەرگرییەکی باشیان لێم کرد."

بە پێویستی دەزانم وەك حەقیقەتێكی حاشاهەڵنەگر، بە گوێی نەوەی داهاتووی كورد ڕابگەیێنم كە پەشێو ڕۆژان مەرەكەبی قەڵەمەكەی نەڕژایە سەر لاپەڕەی كاغەزی هیچ دەسەڵاتێكی خۆیی و غەیرەخۆیی، لە كاتێكدا زۆربەی ئەو قەڵەمانەی هەڵپەی ئەوەیان بوو سەما لە سەر ڕووپەڕی بڵاوكراوەكاندا بكەن. بەپێچەوانەوە پەشێو دڵخۆشی هیچ داگیركەرێكی نەدەدایەوە و ستراتیژییەتی هەڵوێستی لە سەر هیچ دروشمێكی بریقەداری بازاڕی ڕۆژانەی سیاسەتدا دانەدەڕێژت. ئەو كە خۆشەویست و ئازیزی هەموو كەسێكە، ناتوانێ ئەو ڕێز و وەفادارییە بكاتە قوربانی دەسكەوتێكی بەرتەسكی شەخسی و خۆی لە جەماوەرێك نەبان بكا كە بەردەوام لە كۆڕ و كۆبوونەوەكاندا (بەتایبەت كۆڕی شێعر خوێندنەوە) پشتی بەرنادەن و هاودەنگ لەگەڵیدا دەمێننەوە و بە تەنیا جێی ناهێڵن، ئەو بۆ خۆشی دان بەم ڕاستییەدا دەنێ و دەڵێ:"كابرایەكی وەك من لە هەندێ ڕووەوە خەڵك هەقی تەواویان‌داومەتێ ئەگەر برینێكیش هەبێ، كە لە كۆڕەكاندا بە خوێنەر و گوێگرانی خۆم شاد دەبم، یەكسەر سارێژ دەبێ كەچی لەولاوە دەبینی یەك هۆی ڕاگەیاندنی كوردی باسی پەشێو ناكەن (تەعتیم)ی دەخەنە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا خۆم بە زوڵم‌لێكراو نازانم، چونكە ئەوەی لە هەولێر و سلێمانی و ڕانیە و كۆیە و زانكۆ و شوێنی تر ببینم، دەڵێم خۆزگە زیاترم بۆ ئەو خەڵكە بكردایە كە شایانی زۆر زیاترن. من هەست بە پشتیوانی گەلەكەی خۆم دەكەم". ئا لێرەدا بە دیار دەكەوێ كە پەشێو بە هۆی پشت ئەستووری بە بەرەی جەماوەر و ڕێز لێنانی لە لایەن خەڵكی دڵسۆزەوە منەتی هیچ لایەنێك و هیچ دەزگایەكی بڵاو كردنەوە و ڕاگەیاندنی هەڵنەگرتووە، جا كە وا بێ مرۆڤێك لە ناخی جەماوەرەكەیدا ڕیشەی ئەڤین و وەفاداری داكوتابێ، چۆن دەتوانێ هەر چییەكی كە لە وجوودیدایە پێشكەشیان نەكا، لەبەر ئەوە نابێ هەروا ڕووكەش و سەرپێیانە سەیری ئەو مەسەلەیە بكەین، چونكە ئەو دژەكردارە ئیجابییەی لە نێوان پەشێو و گوێگر یاخود پەشێو و خوێنەردا هەیە هەر وا لە خۆڕایی و كارێكی جادوویی نیە، دەبێ لەو پەیوەندییە نهێنییە ڕۆحییە بگەین كە لە مابەینی (هەڵوێست، كەسایەتی، شاعیر)ی پەشێو و ویستی خەڵكدا هەیە كە بە بڕوای من پەیوەندییەكی زۆر ڕاستگۆیانەشە. بڕوانە هێڵكاری پەیوەندی نێوان پەشێو ـ جەماوەر لە كۆتایی ئەم وتارەدا.)

ئا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە كە بۆچی خەڵكی كورد ئەوەندە ڕێز و خۆشەویستی بۆ پەشێو دادەنێن؟ ئایا لەبەر ئەوەیە كە پەشێو كوڕێكی جوانە یان سەرمایەدارە یان خاوەن دەسەڵاتە؟ نەخێر لەبەر ئەوەی بیر و باوەڕەكەی و كاریگەری هەڵبەستەكانی زۆرە! كە واتە نابێ ئەو پەیوەندییە فیكری و ڕۆحییەی كە هەیە وەك موعامەلەیەكی سیاسی دەستی سیاسەتمەدارەكان تەماشای بكەین، بەڵكوو دەبێ بە لێكدانەوە و شیكارێكی سایكۆلۆژییانە بۆ ئەم بابەتە بڕوانین.

1: متمانە و پشت بەستنی بە خودی خۆی وەك مرۆڤێك و پاشگەز نەبوونەوە لە هیچ هەڵوێستێك كە وەریگرتووە. بڕوا بە خۆ بوون، یانی ئامادەیی لە ڕووی سایكۆلۆژییەوە.

2: ڕاستی و دروستی ئەو ڕێبازەی گرتوویەتییە بەر (تێزی دوكتۆراكەی).

3: بەرزی ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی بۆ پێداویستییەكانی نەتەوە و چۆنیەتی هەست پێكردنی دەردەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری و قووڵ بوونەوەی لە گرفت و كێشەكان و بە هەند هەڵگرتنیان (تێگەیشتن لە سایكۆلۆژییەتی كۆمەڵگەی كوردی).

4: توانای ڕاوەستانی لە بەرامبەر پەلاماری دڵەڕاوكێ و ترسدا.

5: لەخۆبردوویی و چاوەڕێ نەكردنی هیچ پاداشتێك.

6: پتەو بوون و كاریگەری كەسایەتییەكەی وای لە بەرامبەرەكەی كردووە ڕێزی تایبەتی بۆ دابنێن.

هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم مرۆڤە هەموو خەون و خۆزگە و ویست و دەغدەغەكانی ناخی بریتییە لە بە ئامانج گەیشتنی نەتەوەكەی بە ژیانێكی بەختەوەر و سەربەرزانە، من چەند شتێك لە وجوودی پەشێودا دەبینم، كە لە وانەیە ئەم شتانە لە كەسانێكی دیكەدا بە دەگمەن بەدی بكرێ: ***الف)*** پەشێو وەك مرۆڤێكی خاوەن بیر و قەڵەمێكی یاخی پەنجەی ناوە بە زەنگی دەرگای گەلێ بابەتی نەگوتراو و نەوێراو و ئەو زۆر بە جورئەتەوە پەردە لە سەر ئەو كێشە و ناكۆكییانە هەڵدەداتەوە كە لە لایەن كەسانی ترەوە جێی ترس و بڤە بووە، یاخود وەك شتێكی موقەددەس باس كردنی بە كوفر و گوناهێكی گەورە زانراوە، بۆ نموونە ڕەخنە و باسكردن لە سیاسەتی چەوت و لاری سەركردەكانی كورد.

***ب)*** خەسڵەت و تایبەتمەندییەك كە لە كەسایەتی پەشێودا هەیە یەكڕەنگی و یەكدەنگییە، پەشێو لە سەر بیر و باوەڕێك خۆی پێگەیاند و درێژەی پێدا ( بیری كوردایەتی) ئەوە لە وەختێكدا بوو كە بیری چەپڕەوی نەك هەر كوردستان و ناوچە بەڵكوو تەواوی جیهانی میللەتانی ژێردەستی تەنیبۆوە، ئا لەو سەردەمەدا ئەو وەك مرۆڤێكی دڵسۆز و بەتەنگەوەهاتووی نەتەوەكەی هاتەمە یدانی بیری سەربەخۆییخوازی و كوردایەتییەوە، ئەوە لە كاتێكدا زۆر لە هاوتەمەن و هاوقەڵەمی ئەو هەر ڕۆژە لە سەر سفرەی بەرەیەكدا كۆڕی بیر كردنەوە و لێكداندوەیان گەرم دەكرد.

ڕەنگە کەسانێك هەبن لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، دید و بۆچوونی جیاوازیان لە سەر شاعیریەتی پەشێو یا کەسایەتی و هەڵوێستی ئەو هەبێ، گومانی تێدا نیە هەر قەڵەمێ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بەرەو بەکاری نووسین بدا توانای داهێنان و خولقاندنی دەقی ئەدەبی یا هونەری، لە قەڵەمانەی دەخزێنە کۆشی دەسەڵات و نیازە مادییەکانەوە زۆر زیاتر و پڕبارترە. سەردەمی پەشێو گەلێ قەڵەم و شاعیر هاتنە مەیدانی ئەدەبەوە، بەڵام چەندانێکی کەم توانییان درێژە بە ڕێگا سەختەکە بدەن و ماندوو بوون و بێزاری چاوسوور کردنەوە و نائومێدی لە فەرهەنگی ئەدەبی و فیکری ئەو چەندەدا جێگایەکیان نەبوو. پەشێوی شاعیر ئەو دەنگە ناڕازییە نەترسە بوو هەر زوو جاڕی یاخی بوونی لێدا، یاخی بوون لە نەریت، لە دەسەڵات، لەو یاسا دواکەوتووانەی کە تا زەمانێکی دوورودرێژ و ئێستاش کۆمەڵگای کوردەواری بە دەستییەوە دوچاری دژوارترین بارودۆخ بووە. خەمی میللەت، پەرش و بڵاوی، تیرە تیرە و لێك حاڵی نەبوونی کۆمەڵ ئازاریان دەدا، بۆ دەربڕینی ئەو ژان و حەسرەتە هەمیشە پەنای بۆ وشە و دێڕ و شێعر بردووە، تا هیچ نەبێ لە پەنای نووسینی شێعرێکدا کەمێ هەوری خەمەکانی بڕەوێنێ و ئارامییەك بە گیانە شەکەتەکەی بدا.

*لێم گەڕێن جارێك*

*لە چەقی ڕێگا بە ڕۆژی ڕووناك،*

*بێ فتوای مەلا و ئیزنی عەشیرەت*

*لە ترس ڕەها، لە تانە بێباك*

*تێر ئاوێزانی کچە کوردێك بم*

*هەناسەی بۆنی نێرگزی لێ بێ*

بەری دەستیشی تام و بۆنی خاك